واز لە نوێژکردن بهێنە بەپێی -ماوەی- ئەو ڕۆژانەی تووشی سوڕی مانگانە دەبووێت تێیاندا، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیش پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: تووشی سوڕی مانگانە (حەیز) دەبم بەبەردەوامی، وپاك نابمەوە، ئایا واز لە نوێژ کردن بهێنم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، ئەوە تەنها دەمارێکە (خوێنی لێوە دەردەچێت)، واز لە نوێژکردن بهێنە بەپێی -ماوەی- ئەو ڕۆژانەی تووشی سوڕی مانگانە دەبووێت تێیاندا، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

فاتیمەی کچی حوبەیش پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: من تووشی سوڕی مانگانە دەبم بەبەردەوامی ولێم ناپچڕێت، تەنانەت لەدەرەوەی ماوەی سوڕی مانگانەی ئاسایی، ئایا ئەمە حوکمی وەکو حوکمی سوڕی مانگانەیە ؛ دەبێت واز لە نوێژکردن بهێنم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەمە خوێنی ئیستیحازەیە، کە خوێنێکە بەهۆی پچڕانی دەمار لەمندالّدانی ئافرەت ؛ تووشی دەبێت، وخوێنی سوڕی مانگانە نیە، ئەگەر کاتی سوڕی مانگانە هات ؛ کە لەو ماوەیەدا تووشی سوڕی مانگانە دەبووێت پێش ئەوەی تووشی ئیستیحازە بیت، ئەوا واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن وکردەوەکانی تر بهێنە ؛ کە دەبێت ئافرەتی حەیزدار ئەنجامیان نەدات لەکاتی سوڕی مانگانە. ئەگەر ماوەی سوڕی مانگانەی ئاسایی تەواو بوو، وپاك بوویتەوە لە حەیز، شوێنی خوێنەکە بشۆ، پاشان هەموو لاشەت بشۆ بۆ لابردنی ئەم ناپاکیە (الحدث)ە، پاشان نوێژەکانت ئەنجام بدە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3029